# ئایا نەشتەرگەری چاندنی مناڵی بلوری ڕۆژوو دەشکێنێت

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# هل إجراء عملية طفل الأنابيب يبطل الصوم

< كردي >

فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئایا نەشتەرگەری چاندنی منالّی بلوری ڕۆژوو دەشكێنێت

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار :** من ئافرەتێكم و چەند ساڵێكە شووم كردووە، وقەدەری خوا وابوو كە منالّمان نەبووە، چەند ڕۆژێك پێش ئێستا كە خەریكی ڕۆژگرتنی شەشەلّان بووین، دەستمان كرد بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری منالّی بلوری، ئایا ئەم نەشتەرگەریە ڕۆژوو دەشكێنێت یان نا ؟ خوای گەورە پاداشتان بداتەوە .

**وەلاّم :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەلاّت وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

مەبەست لە چاندنی منالّی بلوری ئەوەیە : كە نمونەیەك لە ئاوی پیاو ( مەني ) وەردەگیرێت، وە نموونەیەكیش لە هێلكەی ئافرەت وەردەگیرێت، پاشان لە تاقیگەدا هەردووكیان بە چەند ووردەكاریەكی پزیشكی دەپیترێت و دەبێت بە نوتفەیەكی زیندوو، دوای ئەوە دەیگرێنەوە بۆ ناو ڕەحم و منالّدانی ئافرەتەكە بۆ ئەوەی بنوسرێت بە دیواری منالّدانەوە و پاشان ببێت بە كۆرپەلە .

دیارە ئەم نەشتەرگەریەش زۆرێك لەو پیاو وژنانە ئەنجامی دەدەن كە ماوەیەك زەواجیان كردووە بەلاّم قەدەری خوا وابووە كە منالّیان نەبووە، ئەویش بەهۆی هەندێك گرفت لای ژنەكە، یان لای پیاوەكە، دیارە زانایانیش لەبارەی حوكمی ئەنجامدانی ئەم جۆرە نەشتەرگەریەوە باسیان لەوە كردووە كە دروستە ئەم نەشتەرگەریە ئەنجام بدرێت بەلاّم بەو مەرجەی ئەو پیاو و ژنەی كە ئاو وهێلكەكەیان لێ وەردەگیرێت، پیاو و ژنی شەرعی یەكتر بن، وە دەبێت لە منالّدان و ڕەحمی ئەو ژنەدا بچێنرێتەوە نەك بخرێتە منالّدانی ژنێكی ترەوە، وەك لەهەندێك وولاّتدا منالّدانی ئافرەتێك بە كرێدەگیرێت و ئەو نوتفە پیتێنراوەی ژن و پیاوەكەی بۆ دەگێڕرێتەوە، كە دروست نیە لە ڕووی شەرعەوە، ئەگەر بەو مەرجانە ئەنجامدرا ئەوا هیچ گرفتێكی تێدا نیە لەڕووی شەرعەوە ،،

سەبارەت بەوەی ئایا ئەنجامدانی ئەم جۆرە لە نەشتەرگەری ڕۆژووی پێدەشكێت یان نا ؟

**یەكەم :** گومانی تێدا نیە ئەگەر ئەو نەشتەرگەریە ئەگەر هاتوو لەڕۆژدا ئەنجامدرا، دەبێت پیاوەكەی لە ڕێگای ئاو هێنانەوەی خۆی ( الاستمناء = دەستپەڕ ) وە، ئاوی خۆی پێشكەش بە دكتۆر و ئەو سەنتەرە بكات كە نەشتەرگەریەكەی لێ ئەنجام دەدرێت، گومانی تێدا نیە ئەمەش ڕۆژووی پیاوەكەی دەشكێنێت، بۆیە ئێمە ئامۆژگاریمان ئەوەیە ئەگەر هاتوو ئەو ژن و پیاوە وویستیان ئەو نەشتەرگەریە ئەنجام بدەن كاتێك بیكەن كە بەڕۆژوو نەبن ..

**دووەم :** سەبارەت بە ڕۆژووی ژنەكەش ئەوا دەڵێین : وەرگرتنی هێلكەدان لە ئافرەت بۆ هەركارێك بێت لەو شتانە نیە كە ڕۆژووی پێ دەشكێت، بۆیە كارێكی ئاساییە و ڕۆژوو ناشكێنێت، چونكە وەرگرتنی ئەم هیلّكەدانە یان لەرێگای خستنە ناوی دەرزی لە ڕووی سكەوە وبە ئامێری ناوسك بین دەكرێت، یان لەڕێگای ( زێی ) ئافرەتەكەوە دەبێت بەهۆی ئامێری ناوسك بین، لەهەر كام لەو دوو ڕێگاوە بێت وەرگرتنی هیلّكەدان لە ئافرەتەكە ڕۆژووی پێ ناشكێت ..

پاشان گەڕانەوەی ئەو هیلّكە و نوتفە پیتێنراوە بۆ منالّدانی ئافرەتە لە ریّگای زێیەوە، دیسان ڕۆژووی پێ ناشكێت، چونكە ئەم كردارە بە خواردن و خواردنەوە دانانرێت، دیسان ( جماع ) یشی پێ ناوترێت، بەجۆرێك زەكەری پیاوەكە نەكەوتووە لە زێی ئەو ئافرەتە و نەچووەتە ناویەوە، وە زانیاری نوێی پزیشكیش ئەوەی سەلماندووە كە منالّدانی ئافرەت بەهیچ شێوەیەك پەیوەیست نیە بە گەدەی ئافرەتانەوە ..

خوای گەورەش زاناترە ..